# گەر شیعر سەما بێت، دەبێت خوێندنەوەی شیعر چی بێت؟


دیلان قادر
(کەنەدا)


قسەیەکی زۆر دەربارەی شیعر و چییەتی شیعر کراوە و دەکرێت، بەڵام کەمتر لا لە خوێندنەوەی شیعر کراوە، یەکێک لە هۆکارەکان بۆ ئەو ئەرکە دەگەڕێتەوە کە بە شیعر سپێرراوە، چونکە لە کولتوورێکدا شیعر وەزیفەی پێدراوی هەبێت، ئەستەمە بە نەفەسی نوێوە لە شیعر بڕوانرێت. ئەگەر شیعر لە ڕابوردوودا چاوەڕێی لێکرابێت کارێکی دیاریکراو بکات، ئەوە ناتوانێت کاری نوێ و ناچاوەڕوانکراو بکات. بۆ نموونە ئەگەر لەو کولتوورەدا پێشبینی بکرێت شیعر هەڵچوون بێت، هەڵڕشتنی غەم و پەژارە بێت، شەپازڵەی سیاسی بێت، ناسکبوونەوە بێت، چۆن دەکرێت شیعر بتوانێت شتگەلی دیکە بێت؟

لەو ساتەوەی ئەرکێک بە شیعر دەسپێررێت، جۆرە خوێندنەوەیەکیش بۆ شیعر سەرپێ دەخرێت، هەر بۆیە شیعر بەهۆی پەیامی سیاسییەوە، بە دەنگی بەرز دەخوێنرێتەوە، شیعر بە هەڵچوونی ئەوینەوە بە تۆنی عاشقێک (ئەو تۆنە هەرچییەک بێت)، شیعری هیجا لە - خۆ - گریش بە تۆخکردنەوەی وشە توندەکانەوە، تا دوایی. ئەوەی لە نێو ئەم پێڕە خوێندنەوانەدا ونە خودی ئەزموونی خوێندنەوەیە. کاتێک شیعر بۆ گەیشتن بە مەبەستی دەرە - شیعر دەخوێنرێتەوە، خودی ئەزموونی شیعر خوێندنەوە ون دەبێت.

زۆر فەیلەسووف باسی گرنگی شیعر و چییەتی شیعریان کردووە، بەڵام ڕەنگە هیچ کام لەو باسانە بە ئەندازەی ئەو قسە ڕوونەی لودڤیگ ڤیتگنشتاین ڕاستی نەپێکابێ کاتێک دەڵێت: "لە بیری مەکە کە شیعر، سەرەڕای ئەوەی لە ناو زمانی زانیاری پێداندا بنیاد نراوە، لە ناو گەمەی زمانیی زانیاری پێداندا بەکارناهێنرێت."(١) مێشکێک لە شیعردا مژۆڵی وەرگرتنی زانیاری بێت، لە ناو جەنگەڵێکدا خۆی دەبینێتەوە کە پەلەیەتی لێی قوتار بێت. ژمارەیەکی کەم

شیعر هەن بە خانەدانییەوە باوەش بۆ ڕێبوارە نامۆکانی سەرزەمینی شیعر دەکەنەوە، بەڵام گەڕان بە ناو زۆر لە شیعرەکاندا پێویستی بە ڕاهێنان، یان ئامادەسازی پێشوەخت هەیە، ئامادەسازییەک کە دەکرێت زۆر سادە بێت: تەرخانکردنی چەند خولەکێک بۆ هیچ نەکردن، تەنیا ئەزموونی شیعر خوێندنەوە نەبێت. ڕەنگە ئەمە سەخت بێ، بە تایبەتی بۆ مێشکێک بە زانیاری وەرگرتن ڕاهاتبێت، بە مێشکێکی کردارەکی. هەواڵ خوێندنەوە ئاسانە، نوکتە خوێندنەوە خۆشە، چیرۆک خوێندنەوە چێژ بەخشە، بەڵام شیعر خوێندنەوە شتێکی ترە. ئەو شتە هەرچییەک بێت (دواتر ڕەنگە ڕوون بێتەوە دەکرێت چی بێت)، ئاسانە بە هۆی بڕیاری پێشوەختەمانەوە لەسەر شیعر دەست لە شیعر خوێندنەوە هەڵبگرین، بەڵام لە داخستنی پەنجەرەکان بە ڕووی شیعردا شتێک لە کیس دەدرێت، هەروەک چۆن شاعیری ئەمریکایی ویلیام کارلس ویلیامس لە شیعرێکدا دەنووسێت:

**"سەختە**
**لە شیعرەوە هەواڵت پێ بگات**
**کەچی خەڵکانێک بەستەزمانانە هەموو ڕۆژێک دەمرن**
**بۆ نەبوونی ئەوەی لەوێ دەدۆزرێتەوە."(٢)**

شیعر پانتاییەکە تێیدا کۆمەڵێک هێز لە کاردان و تێگەیشتن، یان هەستکردن، بە جووڵەی ئەو هێزانە، پێویستی بە خوێندنەوەیەکی هێواش هەیە. ڕاوەستان لەسەر یەک بە یەکی وشەکان. لە بودیزمی زەیندا، چەند ڕاهێنانێکی تەئەممول هەیە هەناسە هەڵمژین و هەناسە دانەوە هێواش دەکرێتەوە. ئامانجێکی ڕوون لە پشت ئەو ڕاهێنانانەوە هەیە و ئەو کەسەی ئەزموونی زەین دەکات، بە گشتی وا دادەنرێت لەگەڵ واقیعدا لە هارمۆنییەتدا بێت. زەین دەریدەخات مێشکی جەنجاڵ واقیع نابینێت، هەستی پێناکات و لێی تێناگات. بینینی واقیع، بینینی ئەوەی شتەکان بۆچی بەو شێوەیەن کە هەن، لە توانایی مێشکێکدایە جرتوفرتی بیرکردنەوەی هێواش کردبێتەوە، یان بۆ ماوەیەک ڕایگرتبێت.

بۆ شاعیری ئەمریکی واڵس ستیڤنس، خەیاڵ، خەیاڵی شیعر، تاقە هیوایە بۆ دەربازبوون لە پەستانی واقیع(٣)، شیعر دژە پەستانە. ئەزموونی شیعر هێڵێک دەکێشێت کە ڕووبەڕووی پەستانی واقیع دەبێتەوە، لێرەوەیە شیعر بەرەنگاربوونەوەیە، نە پەیامی بەجۆشوخرۆش، نە وتەی زەق و نە قسەی قەبە شیعر



پۆل ڤالێری

ناکەن بە بەرەنگاربوونەوە. شیعر سیاسەت لە خۆی دەگرێت، چونکە شیعر دەتوانێت هەموو شتێک لە خۆی بگرێت، بەڵام کاری شیعر هوتافکێشانی سیاسی نییە. شیعر لە وشە، وشە لە دەنگ و مانا، لە موزیک و بیرۆکە پێکدێت. شیعر دەکرێت گۆرانی بڵێت، بەڵام گۆرانی نییە، دەکرێت وێنە و بیرۆکەکانی موزیک بژەنن، بەڵام پارچە موزیکێک نییە، دەکرێت هەڵگری ئایدیا بێت، بەڵام فەلسەفە نییە. شیعر دروستکردنی جێیەکی ئازادە بۆ خەیاڵ. خەیاڵێکە بۆ دروستکردنی جێیەک بۆ ئازادی. خەیاڵێکی ئازادە بۆ دروستکردنی جێیەک، جێیەکە لە ناو ئازادی خەیاڵدا بۆ داهێنان، هەموو ئەمانە دانە بە دانە گرنگن.

شیعر خوێندنەوە ئەزموونە و ئەزموونکردن پرۆسەیە. پرۆسە بەو مانا دۆلۆزییەی(٤) وەک ڕێچکەی دیاری نەکراو، پرۆسە گەشتێکە پێشتر ڕێچکەکەی دیاری نەکراوە، هەروەک چۆن جۆگەلە ئاوێکی سروشتی ڕێی خۆی دەکاتەوە، بێ ئەوەی لە پێشینەوە ڕێچکەکەی دیاری کرابێت. پرۆسەی شیعر خوێندنەوە خۆسپاردنە بەدەست ڕێچکەیەکی دیاری نەکراوەوە، بۆ ئەوەی گەشتەکە، یان گەیشتن، یان کۆتایی، یان نەگەیشتن و ناکۆتایی، بتوانێت سەرسامان بکات، شیعر تینووی هێواشکردنەوەی کاتە.

گوێگرتن لە شیعر پێکدێت لە خۆسپاردن بە دەست ڕێچکەی نەزانراوی وشە و زمان؛ ئەم گوێگرتنە لە هەمان کاتیشدا گوێگرتنە لەوەی لە شیعردا ناوترێت. هەر شیعرێک هەڵگری ژمارەیەک شتی نەوتراوە. ئێمە ئەمە دەزانین، چونکە نەوتراو بوونی هەیە، نائامادە ئامادەیە، بێدەنگی لە شیعردا دەنگی هەیە. هەروەک شاعیری ئەمریکی ماتیو زاپرودەر دەڵێت، شیعر قسە دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە بە نەوتراو دەدات و "هیچ"مان بیردەخاتەوە. شاعیری کەنەدی پاتریک لەین لە شیعرێکیدا دەنوسێت:

**"لە دەستکێشەکانمدا**
**پەنجەکانم**
**گیردەبن لە هیچ"**(٥)

شیعر بە فۆرمیش پڕیەتی لە بۆشایی، لاپەڕەکانی کتێبێکی شیعری ڕووبەرێکی فراوان لە بێدەنگی لە خۆ دەگرن. زاپرودەر دەڵێت: "لە شیعرێکدا هەست بەوە دەکەین کە بوونی هەیە، بەڵام هەستیش بەوە دەکەین کە بوونی نییە."(٦) ڕەنگە بەم شێوەیە بێت خەیاڵجووڵان بەدی بێت. ئەگەر ژیانی ڕۆژانە بە چالاکی و شتومەک و خەڵکی ترنجێنراو بێت، ڕەنگە شیعر ئەو پانتاییە بێت بتوانین تێیدا، لەگەڵ شتە وتراو و نەوتراوەکاندا، لە بۆشاییدا هەناسەیەک بدەین. نەبوونی، بێدەنگی، بۆشایی و نەفیکردن، ئەمانە ئامادەییەکی بەهێزیان لە شیعردا هەیە، نەک بەو مانایەی بێدەنگی و بۆشاییەکان ڕەهان، یان ڕەوتی پێچەوانەی ئامادەبوونێکی بەهێزن، نەخێر، بێدەنگی و بۆشایی شیعر، ئەگەرچی بە دیوێکدا بێدەنگی و بۆشاییەکی سادە دەردەکەون، بە دیوێکی تردا بیرخەرەوەی نەوتراون. پاتریک لەین لە شیعرێکی تریدا دەڵێت:

**"خاڵیم وەک قوتوویەکی ژەنگاوی"**(٧)

شیعرماڵە، بە سەردانی سەرپێیی هەر شیعرێک، هەر ماڵێک، هیچت لە ماڵێتی بۆ دەرناکەوێت. سەردانی ڕاگوزەر بۆ ماڵ هەستی میوانبوون ناسڕێتەوە. هەروەک چۆن هەموو ماڵێک خانووە، بەڵام هەموو خانوویەک ماڵ نییە، هەموو شیعرێکیش دەربڕینە، بەڵام هەموو دەربڕینێک شیعر نییە. هەستکردن بە ئارامی لە ماڵێکدا لە هەندێک باردا بە تاقە سەردانێک مەیسەر دەبێت، لە هەندێک باریشدا بە ژمارەیەک سەردان، بەڵام لە هەموو بارەکاندا پێویستی بە کات پێ سپاردن هەیە.

لای ڤیکتۆر شکلۆڤسکی، تیوریزان و نووسەری ڕووسی، هەرچەندە تێکستی هونەری هەمان زمانی زانیاری پێدان بەکاردەهێنێت، بەڵام تێکستی هونەری کارێکی تر دەکات. لای ئەو تێکستی هونەری خۆی لەو زمانە باوە قوتار دەکات، لەو زمانە خووگەرییەی هەموو شتەکان یەکڕەنگ دەکات. شکلۆڤسکی دەڵێت: "ئیش، جلوبەرگ، هاوسەر و تەنانەت ترس لە جەنگیش لە لایەن خووگەرییەوە دەماشرێنەوە ... هونەریش بۆ گێڕانەوەی هەستکردن بە ژیان هەیە، هونەر بوونی هەیە بۆ ئەوەی کەسێک هەست بە شتەکان بکات، بۆ ئەوەی بەرد بەرد بێت." بە مانایەکی تر، هونەر ژیان لە یەکڕەنگی ڕزگار دەکات، شتەکان بێگانە دەکات، پێمانیان نائاشنا دەکات، بە نەناسیاویان دەکات، بۆ ئەوەی پێیان سەرسام بینەوە، بۆ ئەوەی لە گۆشەی ترەوە لێیان بڕوانینەوە، بۆ ئەوەی جیاوازتر بەریان بکەوینەوە. ئەگەر لێرەدا نموونەیەکی ڕۆژانەی وەک پەنجەرە وەربگرین، لەم دێڕەدا دەبینین چۆن شاعیری فەڕەنسی شارل بۆدلێر بە شێوەیەکی دی بەری دەکەوێت و پیشانمان دەدات، ئەویش لە شیعرێکیدا بە ناوی پەنجەرەکان کە تێیدا دەڵێت:

"ئەوەی لە خۆردا دەکرێت ببینین هەمیشە کەمتر سەرسامکەرە لەوەی لەودیو جامی پەنجەرەوە دەگوزەرێت. لە ناو ئەو چاڵە تاریک، یان گەشاوەیەدا ژیان دەژی، ژیان خەون دەبینێت، ژیان ئازار دەکێشێت."(٩)

بە لای شاعیری ئەمریکی ماتیو زاپرودەر، شیعر بێگەردترین فۆڕمی هونەرە کە لە ڕێگەی زمانەوە شان دەداتە بەر بە نەناسیاوکردن. زاپرودەر وای دەبینێت لە شیعردا نە چیرۆک گێڕانەوە و نە دەربڕینی بیرۆکە هیچیان پێگەی سەرەکییان نییە، بەڵکو ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە شیعر پیشانی بدات چۆن زمان نامۆ دەکرێت.(١٠) نامۆکردن تۆوی نوێبوونەوەیە. ئەوەی نامۆ دەیبەخشێت زۆر لەوە کاریگەرترە کە ناسیاو دەیبەخشێت.

لەبەر ئەوەی بە نەناسیاوکردن جیاوازە لە پێدانی زانیاری نوێ، هەر بۆیە شیعر پێویستی بە جۆرە خوێندنەوەیەکی جیاواز هەیە. پۆل ڤالێری بە وردی و بە شەنگی ئاماژەی بە جیاوازی نێوان پەخشان و شیعر کردووە. لای ڤالێری، بە گەڕانەوە بۆ شاعیرانی فەڕەنسی ڕاکان و مالێگب، پەخشان پیاسەیە و شیعر سەمایە. ڤالێری دەڵێت پیاسە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، دەیەوێت بگات بە جێیەک، بەڵام سەما جیاوازە، سەما نایەوێت بە هیچ کوێیەک بگات، ئامانجی سەما لە خودی

جوولەکاندایە، ئەگەر دۆخێکیش هەبێت بیەوێت پێی بگات دۆخێکی ئایدیالە، پنتێکی باڵایە لە بووندا. ئەم جیاوازییانە بنچینەیین، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، هەردووک پیاسە و سەما، وەک ڤالێری ئاماژەی بۆ دەکات، هەمان ئەندامەکانی لەش و هەمان ماسوولکە و هەمان ئۆرگان بەکاردەهێنن(١١). پیاسە و سەما هەمان ئامراز بەکاردەهێنن، هەمان جەستە، بەڵام جیاکاری بنەڕەتییان لەوەدایە پیاسە ئامانجدار و کردارەکییە و سەما بێ ئامانجە و سوودمەندگەرا نییە. لێرەوە ڤالێری دەڵێت بە هەمان شێوە لە پەخشان و شیعردا، سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان هەمان ئامراز، وشە، بەکاردەهێنن، بەڵام ئەو مانایەی بۆ یەکێکیان دروستە لە زۆر باردا ڕەنگە بۆ ئەوەی تریان نەگونجێت، بە پێچەوانەی ڕۆمان و چیرۆکەوە کە خوێنەر دەخەنە جیهانێکی داڕێژراوەوە و لێ دەگەڕێن خوێنەر بە گێڕانەوەدا پیاسە بکات، لای ڤالێری کاری شیعر ئەوەیە داوای بەشداریکردن لە خوێنەر دەکات، شیعر نایەت جیهانێکی فەنتازی و پڕ لە خەون دروست بکات، بەڵکو لە جێیەکی قووڵتر لە بووندا جێ دەستی خۆی دەکاتەوە، بۆ گەیشتن بەوەش پێویستی بە بەشداریکردنی خوێنەر هەیە. ڕەنگە بەشداریکردن ئەو شتەی دیکە بێت کە شیعر خوێندنەوە دەستەبەری دەکات، بەشداریکردنێکی ئازاد و کراوە، ئەمە ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئایا بۆچی هەموان وەک یەک بەر شیعر ناکەون؟ ئەگەر شیعر خوێندنەوە بانگهێشتێک بێت بۆ بەشداریکردنێکی ئازاد و کراوە، بێ گومان ئەوکات مرۆڤەکان بە شێوازی جودا بەر شیعر دەکەون.

شیعر سەمایە، بە پێچەوانەی پیاسەوە کە دەکرێت بیکەین و بە کاری تریشەوە سەرقاڵ بین، قسە لەگەڵ ئەو کەسەدا بکەین کە لە پیاسەکەدا هاودەممانە، گوێ لە ڕادیۆ و هەواڵەکان بگرین، بیر لە پلانی داهاتوو بکەینەوە، تاد، سەما، جا چ کردن، یان تەماشاکردنی بێت، پێویستی بە خۆتەرخانکردنێکی جودا هەیە، پێویستی بە دابڕان هەیە لە ژمارەیەک چالاکی تری ڕۆژانە. شیعر خوێندنەوە پێویستی بەوەیە ببێت بەو چالاکییەی بەشداری تێدا دەکەین، شیعر خوێندنەوە سەمایەکی هزری و موزیکی و وێنەیی و هەستەوەرە، ڕاوەستانە لەسەر یەکە بە یەکەی جووڵەی وشەکان و دەنگەکان، بەشداریکردنە لە بانگهێشتی شاعیرێکدا بۆ بنیادنانی شتێک کە لە سەرەتاوە دیاری نەکراوە چییە و بە کراوەیی لە بەردەممانداییە و ئەگەر بەڕاستی دڵسۆزی ئازادی بێت ڕەنگە تاهەتایە بمێنێتەوە.

**پەراوێز:**

**1-Matthew Zapruder, p.10**
**2-William Carlos Williams**
**3-Matthew Zapruder, p.83**
**4-Cours de Gilles Deleuze**
**5-Patrick Lane, p. 41**
**6-Matthew Zapruder, p.202**
**7-Patrick Lane, p. 54**
**8-Matthew Zapruder, p.41-42**

**٩- شارل بۆدلێر، وەرگێڕانی نووسەر**
**10-Matthew Zapruder, p.42-43**
**11-Paul Valéry**

**سەرچاوەکان:**


**شارل بۆدلێر، پەنجەرەکان، وەرگێڕانی نووسەر، لینکی ماڵپەڕ:**
**http://cultureproject.org.uk/kurdish/windows-ch-b-dilan-qadr/**
**Anti-?dipe«Cours de Gilles Deleuze à Vincennes , du 27/05/1980 - 1 Transcrip-»et autres réflexions tion: Frédéric Astier, online:**
**http://www2.univ-paris8.fr/deleuze/article.php3?id_article=68.**
**Matthew Zapruder, Why Poetry. p. 10, 42, 83 HarperCollins Publishers, New York. 2017.**
**William Carlos Williams, Asphodel, That Greeny Flower [excerpt], online:**
**https://www.poets.org/poetsorg/poem/asphodel-greeny-flower-excerpt.**
**Lane, Patrick, The Collected Poems of Patrick Lane, Ed. Russell Morton Brown and Donna Bennett, p. 41, 54, Harbour Publishing, 2011.**
**Paul Valéry, Propos sur la poési,**
**https://fr.wikisource.org/wiki/Propos_sur_la_po%C3%A9sie**